سیمینار دەربارەی:

# ئامرازە فێرکارییەکان

م.ی دالیا هاشم

# ئامرازە فێرکارییەکان

وەکو زۆرینەی زاراوەکانی تر ،ئامرازە فێرکارییەکان ،پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە لێرەدا هەندێک لەو پێناسانە ئاماژە پێدەدەین ، دەوترێت ئامرازە فێرکارییەکان''کۆی ئەوەیە دەبینرێت یان دەبیسترێت یان دەخوێندرێتەوە لە کاتی وانەوتنەوەدا ، لە پێناو یارمەتیدانی خوێندکار لە فێربووندا"

یان بریتییەلە''هەر شتێک لە پرۆسەی فێربووندا بەکاربهێنرێت بە ئامانجی یارمەتیدانی خوێندکار بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بە شێوەیەکی ورد"

یان ''کۆی ئەو کەرەستەو ئامرازانەیە کە مامۆستا بەکاریاندەهێنێت بۆ گەیاندنی ناوەرۆکی وانەکە بە خوێندکار لە ناو پۆل ، لە پێناو باشترکردنی پرۆسەی فێربوون و فێرکردن

بەکارهێنانی ئامرازە فێرکارییەکان کاریگەریی ئەرێنی دەکاتە سەر ئاستی فێربوون پەروەردەکاران کۆکن لەسەر ئەوەی بەکارهێنانی زیاتر لە هەستەوەرێک یارمەتیدەرێکی باشی فێربوونە چەند توێژینەوەیەک ئەوەیان سەلماندووە کە هەریەک لە هەستەوەرەکان بە رێژەیی جیاواز بەشداری لە پرۆسەی فێربوون دەکەن بەم شێوەیە کە :

هەستی بینین :٨٣٪

بیستن:١١٪

بەرکەوتن:٤٪

بۆنکردن :٢٪

کەواتە گرینگی ئامرازە فێرکارییەکان لە پرۆسەی فێربوون و فێرکردن بریتییەلە :

١- حەز و ئارەزووی خوێندکار دەوروژێنێت بۆ وانەکە.

٢- وا لە خوێندکار دەکات بەشداری کاراتر بکات لە وانەکە .

٣- یارمەتیدەرە لە دروستکردنی بونیادێکی مەعریفیی دروست لە مێشکی خوێندکار .

٤- هۆکارێکە بۆ جێبەجێکردنی رێگاو شێوازی وانەوتنەوەی جۆراوجۆر و زاڵبوون بەسەر جیاوازی تاکایەتی نێوان خوێندکاران .

# پێوەرەکانی هەڵبژادنی ئامرازە فێرکارییەکان

مامۆستا کارامە بەر لە دەستپێکردنی وانە لە پلانی خۆیدا،ئامرازی فێرکاریی گونجاو بۆ وانەکەی دیاری دەکات ، لەکاتی هەڵبژاردنی ئامرازی فێرکاریدا پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت :

١-گونجاو بێت لەگەڵ پەیڕەوی خوێندن و ناوەرۆکی بابەتەکان .

٢-ئامانجەپەروەردەییەکان بەدیبهێنێت .

٣-ناوەرۆکەکەی ڕوون و ئاشکرا بێت ، هەڵەی زانستیی تێدا نەبێت .

٤-پێویستە ئەو ئامرازە سادەو ساکار بێت و بە ئاسانی بەکاربێت .

٥-لەگەڵ تەمەن و ئاستی ژیری خوێندکاران گونجاو بێت .

٦-لەگەڵ کاتی وانەکەو ژمارەی خوێندکاران گونجاوبێت .

٧-بەکارهێنانی مەترسیی نەبێت بۆ خوێندکار.

٨-ئابووریيانە بێت ،تێچوونی گونجاو بێت .

➢ ٩-پێویستە مامۆستا ئەو ئامرازانە هەڵبژێرێت کە سەرنج راکێش و رەنگاورەنگ

# جۆرەکانی ئامرازە فێرکارییەکان

١-وایت بۆرد تابلۆی نووسین

گرنگی وایت بۆرد ئەوەیە کە مامۆستا تێبینی و سەرنجەکانی خۆی لەسەر دەنووسێت دواتر خوێندکارەکان لەناو تیانووسەکانیاندا دەینووسنەوە و بۆ فێربوون وکاتی تاقیکردنەوە سودیان لێوەردەگرن .

چۆنیەتی بەکارهێنانی وایت بۆرد:

١-پێویستە نووسینەکان بە پیتی گەورە بنووسرێت تاوەکو خوێندکارەکان بتوانن بیخوێننەوە.

٢-دەبێت نووسینەکان روون وئاشکرا بن .

٣-پێویستە مامۆستا تا دەتوانێت نووسینەکان کەمبکاتەوە .

٤- زۆر گرنگە مامۆستا بە ماجیکی تۆخ )رەش ،سوور ،شین (لەسەر وایت بۆردەکە بنووسێ .

٥-زۆر گرنگە دوای تەواو بوونی وانەکە وایت بۆردەکە بە پاکی بە جێ بهێڵێ .

٢- نەخشە و وێنە :

بەکارهێنانی نەخشەو وێنە لە وانەوتنەوەدا گرنگی تایبەتی خۆیان هەیە بۆ شیکردنەوە و روونکردنەوە ناوەرۆکی بابەتەکانی پرۆگرامی خوێندن چونکە لێرەدا خوێندکار بابەتەکان بە شێوەی نەخشەو وێنەی رەنگاو رەنگ دەبینێت وە پێویستە مامۆستا مانای رەنگەکان و وێنەکان و هێماکان بۆ خوێندکاران روون بکاتەوە مامۆستا دەتوانیت لە زۆربەی وانەکاندا وێنەو نەخشە بەکاربهێنێت وەک وانەکانی(کوردی،مێژوو ،جوگرافیا ، زانستەکان ،هونەر و ئینگلیزی)

٣-وێنە جووڵاوەکان :

ا-فلیمی سینمایی ب-تەلەفزیۆن ج-ڤیدیۆ

٤-ئەنتەرنێت و پرۆگرامەکانی تایبەت بە فێربوون

٥-چاپکراو و کۆپیکراوەکان :

واتە ئەوانەی کە لەسەر کاغەز وپلاستیک وکارتۆن چاپدەکرێن و دەتوانرێت ژمارەیەکی زۆری لێ چاپ بکرێت لەوانە )پەرتوک ، پرۆگرامەکانی خوێندن ، فەرهەنگ ، گۆڤارو رۆژنامەکان ،بڵاوکراوەکانی تر .......هتد

٦-بیستراوەکان :

ئەوانەی کە گوێبیستی دەبین وهیچ بینراوێکی تێدا نیە ، واتە بە پلەی یەکەم پشت بە دەنگ دەبەستێت نەوەک وێنە لەوانە تۆمارکراومسجل(تاقیگەی دەنگ ، مۆسیقا)

# سوپاس بۆ گوێگرتنتان